نووسینی : ڤینۆس فایەق
venusfaiq@yahoo.co.uk

# بۆچی عەرەب پەشیمان بوونەوە

هەمیشە باوەڕم وابووە تەنازول تەنازولی بەدوادا دێت ، هیچ کات تەنازول کێشە چارەسەر ناکات ، بەهێندی ئەوەندەی لایەنی تەنازولکەر بێ هێز ئەکات .. ئەو ماوەیەی پێش هەڵبژاردنەکانی عیراق کە مشتومڕی ئەوە لە ئارادا بوو ئایا هەڵبژاردنەکان دوادەخرێن یان نا ، دەبێت دوابخرێن یان نا؟ ئایا بۆ دواخرێ ، بۆ دوا نەخرێ ؟ ئەو کاتە بۆ خۆم یەکێ بووم لەو کەسانەی وتم و نووسیشم کە باشترین شت ئەوەیە کورد ئیستا پێ لەسەر چارەسەر کردنی مەسەلە چارەنووسسازەکان داگرێ وەک لەوەی دوای خەین ، وەک جێبەجێنەکردنی بڕیاری 58ی تایبەت بە گەڕانەوەی باری ئاسایی بۆ شاری کەرکوک و چارەسەر کردنی کێشەی راگوێزراوەکان و گەلێ مەسەلەی تری هەڵواسراو کە لەو کاتەدا دەبوو پێی لەسەر داگیردرێت وەک لەوەی بیانکەینە قوربانی هەڵبژاردنەکان و کورسی سەرۆکایەتی ..

کاتێ ئەو چاوپێکەوتنەی بەڕێز د. بەرهەم سالحم خوێندەوە کە لە بەرواری 7ی حزیران لە رۆژنامەی ئاسۆ بڵاوبۆتەوە و ئەڵێت گوایا "تاکرەوی لە حکومەتی عیراق دەرکەوتووە و هاوپەیمانی کوردستانیش دەبێ هەڵوێستی هەبێت" . وسەبارەت بە کێشەی کەرکووک ئەڵێت: "تا ئێستا بودجە بۆ دەستەی ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کەرکوک دەرنەچووە و ئەمەش قابیلی قبوول نیە.". هەروەها ئەڵێت: "زمانم ببڕن سوێندی وەلاء بۆ عیراقێک ناخۆم کە فیدراڵی و مافەکانی خەڵکی کوردستان دابین نەکات.". کاتێ ئەو چاوپێکەوتنەم خوێندەوە ئەو کاتەم وەبیرهاتەوە کە داوامانکرد هەڵبژاردنەکانی عیراق دواخرێ تا کێشەی کەرکوک و بڕیاری 58 جێبەجێ ئەکرێ یان هەرنەبێت هەنگاوی جیدی بۆ بنرێت ، ئەو کاتە بەرێکەوت لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ د. بەرهەم ساڵح باسی مەسەلەی دواخستنی هەڵبژاردنەکانمان کرد و لیم پرسی ئایا بەڕێزی گەشبینە یان نا ، بەڕێزی وەلامی دامەوە وتی: من گەشبینم ، دەبێت هەڵبژاردنەکانیش لەکاتی خۆیدا بە ئەنجام بگەیەنرێت .. نازانم بۆچی لەبەرامبەر ئەو هەستە گەشبینیەی بەڕێزیدا هەستێکی رەشبینی لای من دروست بوو ، هەستم کرد ئەو کاتە ئەمە سەرەتای تەنازولەکانە کە بەدرێژایی مێژوو کورد رووبەڕووی بۆتەوە ، جاران تەنازولی پێدەکرا ، بەلام ئیستا تەنازول دەکات ، جیاوازیەکەش زۆر گەورەیە ، ئەوکاتە بێ هێز بووین بۆیە تەنازولمان پێدەکرا ، ژێر دەستە بووین ، بەلام ئیستا جیاوازیەکە ئەوەیە بە ویستی خۆمان تەنازول دەکەین ، لەکاتێکدا لەسەر کورسی سەرۆکایەتی دانیشتووین هێز و دەسەلاتمان لە دەستایە ، لەکاتێکدا کورد ئەتوانێت بلێت نا

، لەکاتێکدا کورد لە هەموو کاتێکی تر دەرفەتی ئەوەی هەیە زۆرترین ماف دەستەبەر بکات بێ ئەوەی مەترسی ئەوەی هەبێت ئەوەی بەسەر بێت کە دوێنێ بەسەر ئەهات .. بە باوەڕی من کێشەکە لەو مەودا فراوانەدایە کەوا لە نێوان دەسەلاّتی سیاسی کورد و جەماوەردا ، هیچ کات دەسەلاّتی سیاسی کورد بە پێی پێویست گوێ لە خواست و رازوگلەیی میللەت ناگرێ ، بەو پێیەی ئەوەی ئەوان لەسەرەوە ئەیخوێننەوە و ئەیبینن و درکی پێئەکەن شتێکە و ئەوەی لەناو میللەتدا لە بنکەدا ئەخوێنرێتەوە و ئەبینرێت و درکی پێدەکرێ هەمیشە شتێکی ترە ، هەتا ئیستاش میللەت بە پێی پێویست رێگەی پێنەدراوەوە بەشداری بکات لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی چارەنووسساز ، دەنا نیوەی میللەت وتی با هەلّبژاردنەکان دوابخرێن هەتا مەسەلەی کەرکوک یەکلا ئەبێتەوە ، بەلاّم ئەوەی روویدا ئەوەبوو هەلّبژاردنەکان کرا بە پێچەوانەی ویستی میللەتەوە ، و کێشەی کەرکوکیش وەکوو خۆی مایەوە و عەرەبیش هەموو دروشمەکانی دا بە عەردا ، ئیدی هەمان مێژووە و خۆی دووبارە ئەکاتەوە بەلاّم بە سیناریۆیەکی تر ، کورد واتەنیش مانگەشەو سەر لەئێوارە دیارە ، هەر ئەو رۆژەش هەموو شتێک رووب بووەوە وەختێ جەعفەری یەکەم سەرەک وەزیرانی سەردەمی یدموکراسیەت و عیراقی دوای سەددام حوسێن کە سوێندی یاسایی خوارد ئەو دوو وشەیەی ناو نەبرد کە کورد خۆ بۆدابەکوشت ، فیدرالی و دیموکراتی ، خۆ ئەگەر عیراق ئیستا بە فیدرال و دیموکرات ناو نەبرێت کەواتە چ جیاوازیەکی هەیە لەگەلّ سەردەمی عیراق ، جەعفەری پاشگەز بۆوە و سوێندەکەی چاککرد ، بەلاّم کەس لێی پرسی لە یەکەم سوێنددا ئەو دوو وشەیەی بۆ پەڕاند؟؟ لەگەلّ ئەوەشدا هێشتا کورد بە هەموو شتێک رازیە و ئەوەش تەنازولە و تەنازولیش تەنها و تەنها تەنازولی بەدوادا دێت..

* پەیڤ گۆشەیەکی هەفتانەی نووسەرە لە رۆژنامەی پەیامی کورد کە لە ئەلّمانیا بە چاپ ئەگات و لە کوردستان و ئەوروپا بلاّو ئەبێتەوە..